# لێکۆڵینەوە




بەوپێیەی تێکستە پیرۆزەکان ڕەوایەتی دەدەنە ئەو کردەوە تیرۆریستی و ئسوڵیانە، ئەوا دەبێت تەفسیرێکی نوێ بۆ ئایینی ئیسلام بێتە ئارا، جیاواز لەو تەفسیرە دۆگماو ئسوڵییەی (هانی ڕەمەزان)و هاوشێوەکانی ڕەواجی پێدەدەن.

شەڕی گەورەو چارەنووسسازی ڕۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمانانیش ئەمەیە، ئەم شەڕەش لە پێشماندایە نەک لە دواوەیان بێت. بە پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی ئەوروپاوە، کە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی بێ ئامان، کێشەی خۆیان لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی مەسیحییەتدا یەکلایی کردەوە.

پاشان (تۆدۆرۆف) ئەم پرسیارە دەکات و دەڵێت: (بۆچی ڕۆشنگەری لە ئەوروپای خۆرئاوا سەرکەوت، بەڵام لە ژینگەکانی دیکەدا سەرکەوتوو نەبوو؟ واتە بۆچی لە فەڕەنساو ئینگلتەراو ئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی دی سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە چین و هندستان و وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی شکستی هێنا؟).

لە وەڵامدا دەڵێت: (لە راستیدا لەو شارستانییانەدا ڕۆشنگەری هەبووەو بێبەش نەبوون لێی بۆ نموونە لە فەزای عەرەبی — ئیسلامیداو لەنێوان سەدەی هەشت و دەی بە تۆخی هەبووە، بەڵام دواتر پوکاوەتەوەو کۆتایی هاتووە. ئەمە هۆکارو باڵادەستیی ئەوروپایە بەسەر وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی.. لە دوای سەدەی دەو دوانزەوە بیرمەندە ئازادیخوازەکانی جیهانی ئیسلامی وەک: ئەبوبەرکری ڕازی و ئبن موقەفەع و مەعەڕی و فارابی و ئیبن سیناو ئیبن روشدو ئیبن توفەیل و ئیبن باجەو ئیخوان

# ئەگەر ئایینەکان مرۆڤەکان پەرت بکەن، ئەوا ئەقڵ کۆیان دەکاتەوە

سەفاو... هتد، زۆر بە توندی سەرکوتکران و توانای هەستانەوەیان نەما تا سەرهەڵدانی ڕێنیسانسی نوێ لە سەردەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا.. دەکرێت هەمان شتیش دەربارەی شارستانییەتی چینی و هندۆرسیش بڵێین، چونکە لە هەندێ قۆناغدا لای ئەوانیش ئەقڵ پلەوپایەیەکی گەورەی هەبووە، بەڵام ئەوە تایبەت بووە بە دەسەتەبژێرێکی کەم و دیاریکراو، زۆربەی خەڵکیش گیرۆدەی نەزانین و خورافاتی ئایینی بوون لەناو ئەو میللەتانەدا تەنها ئەوروپا توانیی خۆی لە هەموو ئەو شتانە رزگاربکات و رووناکی زانین و مەعریفە بەناو توێژو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا بڵاوبکاتەوە، بەمەش رۆشنگەری لە ژینگەی ئەوروپیدا شوێنی خۆی کردەوەو سەرکەوتوو بوو).

(تۆدۆرۆف) بەم پەرەگرافە کۆتایی بە قسەکانی دێنێت: (رۆشنگەری بەبێ ئەوروپا بوونی نییەو ئەوروپاش بێ رۆشنگەری نابێت.. رۆشنگەری مەزنترین داهێنان و دەسکەوتی کیشوەری ئەوروپایە، لەبەر ئەوەی بووە مایەی دروستکردنی ئەم ژیارە مۆدێرنەی ئێستا لەبەرچاوماندایە! بەکورتییەکەی رۆشنگەری بریتییە لە: (سەرکەوتنی ئەقڵانییەتی زانستی لە کۆمەڵگەدا، لەگەڵ باڵادەستبوونی دەوڵەتی یاساو دامەزراوە مۆدێرنەکان، هەروەها چەسپاندنی دیموکراسیی لیبراڵی و مافەکانی مرۆڤ). هەر وڵاتێک ئەم سێ شتەی تێدا بێت، دەکرێت بڵێین وڵاتێکی لیبراڵ و رۆشنگەرە، ئەگەرنا ئەوا شایەنی ئەو وەسفە نییە). هەر لە درێژەی قسەکانیدا (تۆدۆرۆف) دەڵێت:

(بۆ ئەوەی چاکتر بە رۆحی رۆشنگەری ئاشنابین، پێویستە ئەوە بزانین کە بیریارانی ئەو سەردەمە مەعریفەی یان ئاگاداربوون لە گەردوون و مرۆڤ و سروشتیان، لە چنگی تیۆلۆژیایەکی ئایین مەسیحی دەرهێنا.. ئایین ڕێنوێنیی مرۆڤ دەکات بۆ بەرەو بەها مۆراڵی و ڕۆحییەکان، بەڵام توانای ئەوەی نییە بە ئامرازە تایبەتییەکانی خۆی و بەشێوەیەکی وردو زانستی و بابەتی، پەی بە واقیع و جیهان بەرێت).

(ڤۆلتێر) لە سەدەی هەژدەوە درکی بەوە کردبوو، ئەوەتا دەڵێت: (ئایینی جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام ئەقڵ یەک ئەقڵە). واتە ئایین بۆ ئەوانە هەقیقەتی ڕەهایە، کە شوێنی دەکەون و باوەڕیان پێیەتی، بەڵام ئەقڵ یان زانست تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، نەک تەنها ئیمانداری مەسیحی یاخود موسڵمان و جولەکەو بودایی و... هتد.

زانستی فیزیا لە تێکڕای زانکۆکانی جیهان (هەر لە تۆکیۆوە بۆ نیۆیۆرک و زانکۆکانی تونس و ڕەبات و قاهیرە) یەک شتە، بەڵام هەقیقەتەکانی ئایینی مەسیحی تایبەتە بە جیهانی مەسیحی و هەروەها هەقیقەتەکانی ئاینی ئیسلامی تایبەتە بە وڵاتانی ئیسلامی و ئەم قسەیەش بۆ ئایینی بودانیزم و هندۆنیزم و ئایینەکانی دیکەش ڕاستە.


ئەمە ئەو شتەیە ئیمانداره تەقلیدی و فێندەمێنتالیستەکان تێیناگەن و هەقیقەتە ئایینییەکان تێکەڵ بە هەقیقەتە زانستییەکان دەکەن. کەواتە ئەگەر ئایینەکان مرۆڤەکان پەرت بکەن، ئەوا ئەقڵ کۆیان دەکاتەوە. یۆنیڤێرسالی پرانسیپەکانی ڕۆشنگەریش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە بەسەر تێکڕای میللەتانی سەرگۆی زەویدا پراکتیزە دەبێت، نەک تەنها بۆ ئەوروپاییەکان دەست بدات. واتە ڕۆشنگەری بۆ هندۆس و عەرەب و یابانی و موسڵمانان و چینی و ئەفریقاییەکان و.. هتد دەگونجێت. گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەوەیە کە مافەکانی مرۆڤ بووەتە بەهایەکی گەردوونی و

> (تۆدۆرۆف) دەڵێت: (بۆ ئەوەی چاکتر بە رۆحی رۆشنگەری ئاشنابین، پێویستە ئەوە بزانین کە بیریارانی ئەو سەردەمە مەعریفەی یان ئاگاداربوون لە گەردوون و مرۆڤ و سروشتیان، لە چنگی تیۆلۆژیایەکی ئایین مەسیحی دەرهێنا.. ئایین ڕێنوێنیی مرۆڤ دەکات بۆ بەرەو بەها مۆراڵی و ڕۆحییەکان، بەڵام توانای ئەوەی نییە بە ئامرازە تایبەتییەکانی خۆی و بەشێوەیەکی وردو زانستی و بابەتی، پەی بە واقیع و جیهان بەرێت)

# لێکۆڵینەوە

کەس لاریی لێی نییە، تەنانەت ئەگەرچی هەندێکیش بە عەمەلی کاری پێ ناکەن. دەتوانین هەمان شتیش دەربارەی دیموکراسی و پلورالیزم و ڕای جیاوازو ئازادیی بیروڕاو.. هتد، بڵێین.
خەسڵەتێکی دیکەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری کە دەبێت باسی بکەین ئەوەیە، کە بەختەوەریی ئەم دنیایە شوێنی سەرفرازیی ئەو دنیای مەسیحییەتی گرتەوە.. خەڵکی توانای ئەوەیان نییە چاوەڕێی ئەو دنیا بکەن، تا چێژ لە خۆشی و خێروبێرەکانی ژیان ببینن، نەخێر دەستبەجێ و لێرە لە سەرزەمین داوای ئەو شتانە دەکەن.
هاووڵاتی چاک لای (ڤۆلتێر): (ئەو کەسەیە کە هەوڵدەدات بۆ بەختەوەرکردنی چواردەورەکەی).
(بنیامین فرلنکلین)یش یەکێک لە ڕێبەرانی شۆڕشی ئەمریکی، هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: (چاکترین خواپەرستی ئەوەیە چاکە لەگەڵ مرۆڤەکاندا بکەین... بەهۆی چاکەکردنەوە بەختەوەری دنیا دەگرێتەوەو ڕەزامەندی و سۆزو بەزەیی یەزدانمان لەو دنیا دەستگیر دەبێت).
کەواتە فەلسەفەی ڕۆشنگەری ناکۆک نییە بە ئایین، بەڵام وێنەیەکی دیکەی دین نیشان دەدات، جیاواز لەو وێنەیەی لە ناوەندە ئسولی و دۆگماکاندا هەیە.. بەم پێیە ڕۆشنگەری دابڕانێک لەگەڵ دنیابینیی سەدەکانی ناوەڕاستدا دروست دەکات و دونیابینییەکی دی دێنێتە گۆڕێ، کە گەشبینە بە پێشکەوتنی مرۆڤ و دڵنیا لە باشتر بوونی هەلومەرجی ژیانی و نەهێشتنی هەژاری و نەزانی و نەخۆشی و کەمکردنەوەی ئازارو بەدبەختییەکانی تا ڕادەیەکی زۆر.
ئەمە خەونی یۆتۆپیانەی گەورە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بوو، ئەم خەونەش سەدەیەک یان زیاتر دوای مردنیان هاتە دی. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو هەموو دەسکەوت و خۆشگوزەرانییەیە کە میللەتانی پێشکەوتووی ئەورووپا لێی بەهرەمەندن.
بەمجۆرە ئەورووپا بوو بە بەهەشتی مۆدێرنە یان وەکی هەندێک دەڵێن بووەتە بەهەشتی پۆست مۆدێرنەو خەڵکی تامەزرۆی ژیانی ئەوێن. لەبەر ئەوەی تەواوی خزمەتگوزارییەکان بۆ مرۆڤ فەراهەمەو سستمێکی جێگیرو دامەزراو هەیەو پاکژی هەموو جێیەکی گرتووەتەوە. هەروەها پەیوەندیی ژیاری و مەدەنی لە نێوان هاووڵاتیاندا هەر وەکی جاران کەس بەشێوەی بەربەریانە پەلاماری کەسی دی نادات، ئەمەش لە زمانی ڕۆژانەدا ڕەنگی داوەتەوەو هەریەک ئەوی دی بە بەڕێز یان خانمەکەم بانگ دەکات.. کەواتە ڕۆشنگەری شارستانییەتێکی مادی و مەعنەویی هێنایە گۆڕێ و هەر بەتەنها قسەی ڕووت نەبوو..
واتە تیۆریای فەیلەسوفەکان بووە هەقیقەتێکی بەرچاو و سستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تەواو جیاواز لەوەی پێشوو. گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەوە تیۆریاکانی (جان جاک ڕۆسۆ)یە کە لە کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)و (ئەمیلی)دا هاتووە، دەربارەی دیسپلینی نوێی کۆمەڵگەی فەرەنسی و ئەورووپی لە ڕووی سیاسی و پەروەردەی مۆراڵییەوە.
لێرەوە دابڕان لەگەڵ دیدگای غەیبیانی و فیوداڵی بۆ جیهان دروست بوو. چیتر دەسەڵات مەشروعییەتی لەسەرەوە وەرنەدەگرت (وەکی ئەوەی لە سەردەمی پادشاکاندا هەبوو)، بەڵکو مەشروعییەتی لە ئیرادەی گشتیی میللەتەوە بەدەست دەهێنا. هەورەها کامەرانی و بەختەوەری پاوان نەبوو بۆ پادشاو دەوڵەمەندە ئۆرستۆکراتەکان، بەڵکو بوو بە مافێکی ڕەوای زۆربەی زۆری خەڵک. (جان جاک ڕۆسۆ) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا دەربارەی ڕەگوڕیشەی ستەم و نایەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا، بە چاکترین شێوە

گوزارشتی لەوە کردووە، کاتێک دەڵێت: (ئەو دژ بە یاساکانی سروشتە کە چەند کەسێک بەهرەمەند بن لە هەموو شتێک و لەولاشەوە زۆرینەی خەڵک بەدەست برسییەتییەوە بناڵێنن).
(رۆسۆ) کاتێک لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا واتە لە گەرمەی سەردەمی رۆشنگەریدا ئەم وشانەی دەنووسی، فەڕەنسا هێشتا وڵاتێک بوو فیوداڵ و بنەماڵە ئۆرستۆکراتییە دەستڕۆیشتووەکان حوکمرانییان کرد. یاسایەک نەبوو بە یەک چاو سەیری هاووڵاتییان بکات. جیاوازیی نێوان دەوڵەمەندو هەژار، زۆرینەی کاتۆلیکی و کەمینەی پرۆتستانتی، ژن و پیاو، ئازاو کۆیلە، گەورە زەق و زۆپ بوو یەکسانی تەنها دوای بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی و بڵاوبوونەوەی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، دەستەبەر بوو.
دەستەبەروونەکەشی سەرەتا نیوەناچڵ بوو، تا لەگەڵ شۆڕشی (١٨٤٨)دا کامڵتر بوو هەرچی ژنانی فەڕەنساشە، ئاواتەعنا لەسەر دەستی ژەنەراڵ (شارل دیگۆل)و لە ساڵی (١٩٤٤)دا مافەکانیان دەستەبەر بوو.. زۆربەی زۆری فەیلەسوفانی رۆشنگەری دژی بە کۆ یله کر د نی ڕ ه شپێسته کا نی وەستانەوە، بەڵام یاسای قەدەغەکردنی کۆیلایەتی تەنها لە سەدەی نۆزدەهەم و بەدیاریکراویش لە ساڵی (١٨٤٨)دا دەرچوو.
لە درێژەی قسەکانیدا (تۆدۆرۆف) دەڵێت: ( فە یله سو فا نی


دۆبرێ

# لێکۆڵینەوە

ڕۆشنگەری تەنها لە پێناو ئازادیی گەلانی ئەورووپیدا خەباتیاننەکرد، بەڵکو لە پێناو تەواوی مرۆڤایەتیدا ئەو کارەیان دەکرد). واتە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری کەسانی کۆسمۆپۆلێتی بوون، نەک نەتەوەپەرست و شۆفێنیست بن. بەڵگەش بۆ ئەمە وتە بەناوبانگەکەی (مۆنستیکۆ)یە کە دەڵێت : (من بە زەرورەت مرۆڤم و بە ڕێکەوتیش فەرەنسیم). هەروەها (مونتسیکۆ) پێش سەردەمی بەجیهانیبوون کەوتووە، کاتێک لە نامەکەیدا کە ساڵی (١٧٦٨) بۆ (دایڤدهیوم)ی نووسیوەو تێیدا دەڵێت: (ئازیزم دایڤد، من شانازی دەکەم بەوەی سەر بە شارە گەردوونییەکەی جیهانم). کەواتە ئەو بۆچوونە لە کوێوە هات، کە دەڵێت فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری، لایەنگری کۆلۆنیالیزم بوون؟

## شێواندنی ڕۆشنگەری و بەلاڕێدابردنی:

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا (تۆدۆرۆف) دەڵێت: (هەندێک سەرزەنشتی ڕۆشنگەرییان بەوە دەکرد کە لە سەدەی نۆزەدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، کۆمەکی ئایدیۆلۆژیی بەکۆلۆنیالیزمی ئەورووپیی کردووە.. بەهانەشیان بۆ ئەوە ئەوە بووە: بەوپێیەی ڕۆشنگەری جەخت لەسەر یەکبوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەهاکانی هەموان دەگرێتەوە، نەک تەنها بۆ ئەورووپاییەکان بێت.. لێرەوە وڵاتانی ئەورووپایی پێیان وابوو دەبێت میللەتە سەرەتاییە دواکەوتووەکان شارستانی بکەن، ئەگەر لە ڕێی هێزو شاڵاوی کۆلۆنیالیشەوە بێت). هەر لە درێژەی قسەکانیدا (تۆدۆرۆف) دەڵێت: (لە ڕاستیدا سەرنجدانی ڕووکەشانە لە مێژووی ئایدیاکان، ڕەنگە بە هەڵەماندا بەرێت و وابزانین فەلسەفەی ڕۆشنگەری ڕێخۆشکەربووبێت بۆ هێرشە سەربازی و شاڵاوە کۆلۆنیالیستییەکان.. هەندێک لە فەیلەسوفانی وەک کۆندۆرۆسێ بڕوایان بەوە هەبوو کە ئەرکی سەرشانی گەلانی شارستانییە ڕۆشنگەری و شارستانییەت بگەیەننە نەتەوە سەرەتایی و دواکەوتووەکان، بە هەر ڕێگەیەک بووە).

لایەنگرانی فتوحات و کۆلۆنیالیزم ئەم قسانەی (کۆندۆرسێ)یان قۆستەوەو دەستیان بە هێرش و پەلامارە دڕندانەکەیان کرد. بەڵام گەر بێتو بە وردی سەرنج بدەین دەبینین کە (کۆندۆرۆسی)و زۆرێک لە فەیلەسوفانی دی، بێ چەندوچون سەرکۆندی هێرش و پەلاماری کۆلۆنیالیزمیان کردووە بۆ سەر میللەتانی دی، نموونەکانیان وەک (دیدرۆ) و (ڕۆسۆ) و کەسانی دی.

کەواتە بەکارهێنانی شکۆ و سەنگ و قورسایی فیکری ئەوانە دوای سەدەیەک لەدنیادەرچوونیان، لە پێناو پاساودانەوەی هێرشە کۆلۆنیالیستییەکان، شێواندنی ڕێک و ڕاستی پرانسیپەکانی ڕۆشنگەری و بەلاڕێدابردنییەتی. بۆیە نابێت ئەو پرانسیپانەو شێواندنیان تێکەڵ بەیەک بکەین. چونکە ئەوانەی بەو شاڵاو و پەلاماردانە هەستان لە جەزائیرو شوێنەکانی تر، خۆیان لە پشت پرانسیپەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەرییەوە شاردبووەوە، بۆ ئەوەی سیاسەتی نەتەوەپەرستی جێبەجێ بکەن کە بە پلەی یەکەم ئامانج لێی خزمەتکردن بوو بە بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا، نەک خزمەت بەو میللەتانە بکات کە بۆ بەشارستانیکردنیان هاتبوون.

چاکترین بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو تاوانانەیە کە لەو وڵاتانەدا ئەنجامیان دا.

ئەوان لەو وڵاتانەدا بە ڕۆحێکی نەتەوەپەرستانەی پڕ لە دەمارگیری کاریانکردو ئەمەش دژ بە

# فەیلەسوفانی رۆشنگەری داوای یەکسانییان بۆ تەوای گەلان دەکردو ئازادیی فەردیشیان بە مافی هەموو مرۆڤێك دەزانی

پرانسیپەکانی رۆشنگەری بوو، ئەو پرانسیپانەی باوەڕی بە نەتەوەپەرستیی شۆفینستانە نییە، بەڵکو جەخت لە گەردوونی بوون و خۆشەویستیی تەواوی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.

کەواتە بەرپرسیارێتیی رۆشنگەری لە هەموو ئەوانەدا چییە؟

فەیلەسوفانی رۆشنگەری داوای یەکسانییان بۆ تەوای گەلان دەکردو ئازادیی فەردیشیان بە مافی هەموو مرۆڤێک دەزانی. لەبەر ئەوە هەندێ لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، ئایدیاکانی رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسییان بەکاردەهێنا بۆ بەگژاچوونەوەی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی بەتایبەتی و بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رۆشنگەری خزمەتی بە میللەتانی ژێردەستەو بەش مەینەتیش کردووە.

کەواتە نابێت شتەکان تێکەڵ بەیەک بکەین و یان وەکی پەندە فەرەنسییەکە دەڵێت: (کۆرپەکە لەگەڵ جلە پیسەکاندا فرێ بدەین).

لە راستیدا ئەوەی بەم بەهانە پوچە رۆشنگەری تاوانبار دەکات، بەگشتی کەسێکی کۆنەپەرست یاخود فێندەمینتالستێکی دەمارگیرە. رۆشنگەری هەر لە سەرەتایەوە لەگەڵ بیریارە کۆنسێرڤاتیزمەکاندا (ئەوانەی لە شۆڕشی فەرەنسی داخ لەدڵ بوون و خەونیان بە گەڕانەوە بۆ دواوە دەبینی، واتە گەڕانەوە بۆ سستمی پادشایەتی لویسی پازدەو شازدە، توشی گیروگازو بەریەک کەوتن هاتن. دیارترین نموونەش لەسەر ئەم حاڵەتە هەڵوێستی دوو بیریاری بەناوبانگی فەرەنسا بوو لە شۆڕش و رۆشنگەری، ئەوانیش (لویس دی بۆناڵد)و (جوزیڤ دۆمیتر) بوون. ئەمانە هەردووکیان سەر بەو بنەماڵە ئۆرستۆکراتی و فیوداڵیانە بوون کە شۆڕشی فەرەنسی هەموو دەسەڵاتێکی لێ سەندبوونەوە.

دەکرێت بڵێین لە ساتەوەختی ئێستاشدا (ت.س ئەلیۆت)ی شاعیرو پاپا (یۆحەنا پۆلسی دووەم) هەمان هەڵوێستیان هەیە، وەک کۆمەڵێک دەستەوتاقمی دیکە لەوانەش فێندەمینتالیستە دەمارگیرەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی. ئەمانە هەموویان دژی رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و لیبرالیزم و تێکڕای نۆرم و بەهاکانی مۆدێرنەن.

با بزانین (لویس دی بۆنالد) دەڵێت چی و رەخنەکانی چین لە رۆشنگەری؟ (بۆناڵد) پێی وایە (هەڵەو تاوانی گەورەی ئەوە بوو کە مرۆڤی لەجێی یەزدان دانا وەک سەرچاوەی نۆرم و بەها بەرزو باڵاکان، هەروەها ئەقڵی لە شوێنی کەلەپوری ئایینی داناو یەکسانیی کردە ئەلتەرناتیڤی ئەو پەیوەندییە هیوارکیەی لە رابردوودا هەبوو).

پاپا (یوحەنا پۆلسی دووەم)یش هەمان قسە دەکات و دەڵێت: (مەرگەساتی ڕۆشنگەریی ئەوروپی ئەوەبوو کە مەسیحی ئافەرۆز کرد، ئاکامی ئەمەش سەرهەڵدانی بزاوتە شەڕانگێزەکانی وەک فاشیزم و نازیزم و تۆتالیتاریزمی کۆمۆنستی بوو.. کەواتە چارەسەری قەیرانی شارستانییەتی خۆرئاوا، تەنها بە گەڕانەوە بۆ ئایین و ئینجیل دەبێت).

بەڵام پاپا ئەوەی لەبیرچووە کە لە سایەی مەسیحییەتدا بوو، دادگاکانی پشکنین و ڕاوەدوونانی زانایان و بیریاران و قەتڵوعامە گەورەکانی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتییەکان روویان دا، سەرباری شەڕەکانی خاچپەرستی و..، هەروەها لەبیری چووە کە رۆشنگەری هەرگیز بە مانای ڕامالینی ئایین نایەت، بەڵکو ئاین دەکاتە شتێکی شەخسی و تایبەت مرۆڤ لە ئەوروپادا لەو شتانەی پەیوەندییان

دەکرێت بڵێین لە ساتەوەختی ئێستاشدا (ت.س ئەلیۆت)ی شاعیرو پاپا (یۆحەنا پۆلسی دووەم) هەمان هەڵوێستیان هەیە، وەک کۆمەڵێک دەستەوتاقمی دیکە لەوانەش فێندەمینتالیستە دەمارگیرەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی. ئەمانە هەموویان دژی رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و لیبرالیزم و تێکڕای نۆرم و بەهاکانی مۆدێرنەن.

# لێکۆڵینەوە

بە کاروباری ئایینییەوە هەیە، ئازادیی تەواوەتی هەیە. واتە دەتوانێت بچێت بۆ کڵێساو خواپەرستی بکات، بەڵام ئەگەر قەناعەتی پێ نەبوو، دەتوانێت نەچێت.. مرۆڤێکی موسوڵمانیش لە ئەوروپا هەمان ئەو ئازادییەی هەیە.

ئەوەی لەوێ ڕێی پێ نادرێت، ئەوەیە ئایین لە ژیانی گشتی و سیاسیدا بەکاربهێنرێت، لەبەر ئەوەی کێشەی مەزهەبی دروست دەکات و یەک ڕیزی هاووڵاتییان لەت دەکات، لە ڕابردوودا فەڕەنساو ئەوروپا بەدەست ئەو حاڵەتەوە زۆریان چەشت، بۆیە نایانەوێت جارێکی دی ئەوە دووبارە بێتەوە.

کەواتە لەناوبردن و تارومارکردنی ئایین لە کوێدایە؟ کێ ڕێگریت لێ دەکات لە ئەوروپا کە نوێژ بکەیت و ڕۆژو بگریت؟ کەس ڕێگریت لێ ناکات، بەڵام کەسیش ناچارت ناکات.. ئەمەش ئازادیی ئایینییە. لە ڕاستیدا ئیمانداری ناچاری و زۆرەملێی لەبەر ترسی کۆمەڵگە، خێری تێدا نییە.

دواجار دەبێت باسی ئەوەش بکەین کە ڕۆشنگەری بووە مایەی سەرهەڵدانی لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ ئایین (واتە هاتنە ئارای لێکدانەوەیەکی ئەقڵانی-ڕۆشنگەری) بەرەنجامەکەشی دروستبوونی مەسیحییەتی لیبرالی و پارتە دیموکرات مەسیحییەکان بوو لە ئەوروپا، ئەم پرۆسەیەش بووە مایەی ئەوەی بەر بە ئاقاری ئسوڵی دەمارگیرو مەزهەبی ناو ئایینی مەسیحی بگرێت. کەواتە ڕۆشنگەری سودی زۆری هەبووە، لەبەر ئەوەی توانای کۆتایی بەو ململانێ ئایینی و مەزهەبیانە بێنێت، کە لە رابردوودا ئەوروپایان پارچە پارچە کردو لە شەڕێکی خوێناوی و بێئامانیانەوە گلاند. لە بەرامبەر ئەمەدا تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی هاووڵاتیدا (بە چەمکە نوێیەکەی) کۆکردەوە..

ئەو ململانێ مەزهەبی و ئایینیانەی ڕۆشنگەری لە ئەوروپادا کۆتایی پێهێنا، ئێستا بۆتە هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان، لە پاکستانەوە بۆ ئەفغانستان و لە عێراقەوە بۆ سوریاو لوبنان و دوورگەی عەرەبی و میسرو.. هتد.

هۆکارەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەکانی ئێمە نەگەشتووەتە قۆناغی ڕۆشنگەری، ئەویش بەهۆی باڵادەستیی لێکدانەوەی کۆن و تاریکخوازانەی ئایین بەسەریەوە. بەڵام ئەوروپا لەو کێشانە بەدوورە، هۆکارەکەشی ئەوەیە پرۆژەی ڕۆشنگەری لەوێ سەرکەوتنی بەدەست هێناو لەوێ کاتۆلیکی و پرۆتستانتی، بەخوێنی سەری یەکتر تینوو نین و ڕقیان لە یەکتر نییە.

ئەم کێشە سەرەتایی و دواکەوتووە بووەتە ڕابردوو، کەچی هێشتا لای ئێمە لەبەردەمماندایەو هەڕەشە لە ئێستاو داهاتوومان دەکات.

**دووەم_ ڕێجی دۆبرێ و ڕۆشنگەری:**

(ڕۆجێ‌دۆبرێ)چیی لێ قەوماوە؟ ئایا وەکی هەندێ لە ڕووناکبیرانی عەرەبی سەدوهەشتا پلەک گۆڕاوە، کاتێک لە مارکسیستەوە بوونە ئسوڵی و دواتریش هەندێکیان تۆبەیان کردو لەو هەنگاوەیان پەشیمان بوونەوە؟ ڕەنگە گەر شتێکی وا بڵێین زیادەڕۆیی زۆری تێدا بێت. بەڵام ئەو کتێبەی بەم دواییانە لە پاریس بڵاوبووەوە، ناونیشانەکەی خەڵکانێکی زۆری توشی شۆک کرد، ناونیشانەکەشی ئەمەیە (ڕۆشنگەرییەک کە بە شەوارەمان دەخات!). ئێمە دەمانزانی بە تەنها فێندەمێنتابزمی تاریکخواز بە ستایلی (بن لادن) و (زەرقاوی)، زەینکوێرمان دەکەن و بە شەوارەمان دەخەن، کەچی وا ئێستا بۆمان دەردەکەوێت کە (ڤۆلتێر)و (مۆزارت)و سەردەمی ڕۆشنگەریش،

# هەموو هەژموون و باڵادەستەیەك سات لە دوای سات پەرچەكردار لە دژی دروست دەبێت

ئەوەمان پێدەکەن.
لێرەدا نابێت وابزانین کە (ڕێجی دۆبرێ) ڕای خۆی گۆڕیوەو بووەتە فێندەمینالیستێکی مەسیحیی دەمارگیرو بە تەواوەتی لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری هەڵگەڕاوەتەوە! بێگومان ئەمە شتێکی مەحاڵەو بە ئەقڵێ هیچ مرۆڤێکدا ناچێت.
(دوبرێ) بۆخۆی دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی و بۆ دڵدانەوەی خوێنەرانی ڕایگەیاند کە تا ئێستاش هەر ڕۆڵەی ڕۆشنگەری و سەردەمەکەیەتی، ئەو سەردەمەی ناکرێت لێی بێنێتە دەرێ، لەبەر ئەوەی بوو بە بنەمای تەواوی ئەم شارستانییەتەی پێی دەڵێین ژیاری مۆدێرن و لە چوارلاوە تەوقی داوین.
کەواتە نابێت زیاد لە پێویست (دۆبرێ) تاوانبار بکەین و لەسەر کۆنەکردنیدا پەلە بکەین، وەک ئەوەی هەندێ لە ڕۆشنبیرە تورەکانی فەرەنسا کردیان، بەڵام با بزانین ڕێک و ڕاست چی ڕووی دا؟ بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین پێویستە مەسەلەکە لە سیاقی فەرەنسیدا بخوێنینەوە نەک لە سیاقی عەرەبیدا، چونکە (دۆبرێ) باس لە خەم و خولیایەکی کولتووری دەکات، کە جیاوازە لە خەم و پێداویستییەکانی ئێمە. پێویستە خوێنەری ئێمە باش بزانێت کە خوێندنی ئایین لە خوێندنگە عەلمانییەکانی فەرەنسادا، بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە. تەنانەت ئایین کەم تا زۆر لە ژیانی گشتیی کۆمەڵگەو لە کایەی ڕۆشنبیریدا غائیبەو ئامادەگیی نییە. لەسەر ئاستی زانکۆش وەکی جاران خوداناسی یاخود تیۆلۆژیا ناخوێنن. ئەوە لە کاتێکدا کۆلیژەکانی خوداناسی یان زانستە ئایینییەکان تا ئێستاش لە ئەڵمانیا، شانبەشانی کۆلیژەکانی فەلسەفە بەردەوامن و دەرگایان لەسەر پشتە. زۆرجاریش لە فەرەنسادا لەسەرشاشەی تیڤییەکان گاڵتە بە پاپاو ڤاتیکان و تەنانەت یەسوعی مەسیحیش دەکەن.
بەکورتییەکەی ئایین بووتە مەسەلەیەکی تەواو شەخسی و ئەو بوون و کاریگەرییە گەورەیەی جارانی لە ژیانی گشتیدا نەماوە، ئەمەش بە پێچەوانەی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکانەوەیە، چونکە ئایین تا ئێستاش لەو شوێنانە ئامادەگییەکی زۆر بەهێز و تاقەتپڕوکێنی هەیە. کەواتە دەبێت لەم سیاقەدا سەیری دیدو بۆچوونەکانی (دۆبرێ) بکەین.
لە فەرەنسا ڕۆشنگەری هەژموونێکی زۆری هەیەو باڵادەستە، لای ئێمەش ئسوڵییەتێکی دەمارگیر باڵادەستە. کەواتە دۆخەکە تەواو جیاوازو پێچەوانەیەکە.. هەموو هەژموون و باڵادەستەیەک سات لە دوای سات پەرچەکردار لە دژی دروست دەبێت. لای ئێمە ڕۆشنگەران لاوازن و دەترسن، تەنانەت زۆرێکی زۆریشیان ناوێرن بە ئاشکرا راوبۆچوونی خۆیان بڵێن. کەواتە (دۆبرێ) گەر لە ئەفغانستان یان وڵاتانی عەرەبی یاخود پاکستاندا دەژیا، کتێبەکەی بەناوی (ڕۆشنگەری بەشەوارەمان دەخا) نەدەنووسی، بەڵکو دەینووسی (فێندمێنتالیزم کوێرو نابینامان دەکات).
بەمجۆرە دەبینین ئەوە سیاقی مێژووییە شێوازی بیرکردنەوەی هەربیریارێک دیاری دەکات. لێرەوە نابێت ڕۆشنبیرانی عەرەب ئەم کتێبەی (دۆبرێ) بقۆزنەوە، بۆ پەلاماردانی ڕۆشنگەری وەکی هەندێک زۆر بەخێرایی و لە بەدحاڵی دۆبرێ گەر بیزانیایە ئاوها بەکاری ئەو کتێبەی نەدەنووسی. چاکترین بەڵگەش ئەو قسانەیەتی کە لەو کتێبەدا کردوویەتی، دوای سەردانی کردنی میسر.. دواتر دێینە سەر ئەم مەسەلەیەو باسی لێ دەکەین.
ئەم وەک خاڵی یەکەم، هەرچی خاڵی دووەمە ئەوەیە ئەوەی (دۆبرێ) سەرکۆنەی دەکات ڕۆشنگەری

لای ئێمە ڕۆشنگەران لاوازن و دەترسن، تەنانەت زۆرێکی زۆریشیان ناوێرن بە ئاشکرا راوبۆچوونی خۆیان بڵێن. کەواتە (دۆبرێ) گەر لە ئەفغانستان یان وڵاتانی عەرەبی یاخود پاکستاندا دەژیا، کتێبەکەی بەناوی (ڕۆشنگەری بەشەوارەمان دەخا) نەدەنووسی، بەڵکو دەینووسی (فێندمێنتالیزم کوێرو نابینامان دەکات)

# لێکۆڵینەوە

خۆی نییە، بەڵکو ئەو وێنە موقەدەسە ڕەهایەیە کە فەڕەنسییەکان پێیان بەخشیووە. وێنەیەک کە لەگەڵ تێپەربوونی ڕۆژو ساڵەکاندا وشک و ڕەق هەڵاتووەو ئەمەش چارەنووسی هەموو کەلەپورێکی ڕۆشنبیرییە، دوای ئەوەی سەردەکەوێت و باڵادەست دەبێت.

ڕۆشنگەری ماوەی دوو سەدەیە لە فەڕەنساو سەرتاسەری ئەوروپادا باڵادەستە، هەروەها عەلمانییەتیش. زۆرجار پیاوی ئایینی زاتی ئەوە ناکات لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی فەڕەنساوە دەم بکاتەوەو بەرگری لە هەلوێست و بۆچوونەکانی خۆی بکات. چونکە بەرلەوەی هیچ بڵێیت، دەکەونە گاڵتەپێکردنی وەک چۆن شۆخی بە ئایین و بیروباوەڕو پیاوانی ئایینی دەکەن، بێ ئەوەی ترسی تیرۆرو هەڕەشەکردنیان هەبێت وەک ڕۆشنبیرانی لای ئێمە، کەواتە بواری بەراوردکردنت لە نێوان ئێمەو ئەواندا نییە. دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەموو ئەو شتانەی ئەوانە لەسەر ئایینی دەڵێن گاڵتەپێکردن و سوکایەتی نییە، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی ئەقڵانیی پەتییەوەو لە ئازادییەکی کەم وێنەوە تاوتوێی دەکەن و قسەی لەسەر دەکەن. ئازادییەک کە ڕەنگە ئێمە تا داهاتوویەکی دووریش دەستمان پێی نەگات.

ڕۆشنبیری فەڕەنسی دەتوانێت لەسەر شاشەی تیڤییەکان گفتوگۆ لەگەڵ گەورەترین پیاوی ئایینیدا بکات، ڕەخنەی خۆی ئاراستەی زۆربەی بیروباوەڕی ئایینی بکات، بەبێ ئەوەی ئەو پیاوە ئاینییە ڕقی لێ هەڵبگرێت یان تەکفیری بکات یاخود بینەران هان بدات تا ڕقی لێ هەڵبگرن و ژیانی بخەنە مەترسییەوە.. ئەم شتانە لە ئەوروپا کۆتاییان هاتووەو بوونیان نەماوە. سەرەڕای ئەوە ژیان لە ئەوروپا بووەتە ژیانێکی مادیـ بەرخۆری کە پشتئەستوورە بە فەلسەفەی چێژو ئارەزووەکان.

بەدەر لەمە هەرچی بەهای میتافیزیکی و ڕۆحانی هەیە، یان بوونی نەماوە یاخود بەلای زۆربەی زۆری هاووڵاتییانەوە مانایەکی ئەوتۆیان نییە. تەنانەت شیعریش کەم تا زۆر خەریکە نامێنێ، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی تەکنۆلۆژیاو پیشەسازی و قازانجی مادیی ڕاستەوخۆدا، بەرهەمێکی ئەتۆی نییە. کەواتە فەلسەفەی ژیانکردن لە ئەوروپا سەرلەبەر گۆڕاوەو تەواو جیاوازە لە سەردەمانی سەدەکانی ناوەڕاست.

بۆخۆم پێم وایە (ڕێجی دۆبرێ) جیاوازی لە نێوان دوو جۆر ڕۆشنگەریدا دەکات، جۆرێکیان ڕۆشنگەرییەکی قوڵە بەشێوازی (جان جاک ڕۆسۆ) یاخود (ئیمانوێل کانت)، جۆرەکەی دییان ڕۆشنگەرییەکی ڕووکەشە بە ستایلی (ڤۆلتێر) یان ڤۆلتێرییە تەسکبینەکان. ئەوەشی (دۆبرێ) ڕەخنەی دەکات و پەلاماری دەدات، ڕۆشنگەریی دووەمیانە. ئایدیای سەرەکیشی بەم جۆرەیە: (میتۆدێکی هاوسەنگمان نییە کە بزانێت چۆن هاوسەنگیی نێوان دژو ناکۆکەکان ڕابگرێت. ئێمە عەقڵانییەتێکی وشک و ڕووکەشمان ناوێت، کە بەتەواوەتی ئایین ئافەڕۆز بکات، بەبیانوی ئەوەی، ئایین خورافەو تاریکییە، هەروەها ئسوڵییەتێکی توندوڕەویشمان ناوێت، ئەوانی دی تەکفیریان بکات و داوای سەربڕینیان بکات، لەبەر ئەوەی باوەڕدار نین یاخود نوێژو ڕۆژوو ناکەن).

بایەخدان و گرنگیدان بە ئایین، ناکاتە ئەوەی کە تۆ بوویتەتە شێخێکی ئسوڵیی دەمارگیرو توندڕەو! کەواتە بۆچی عەلمانییەتی پەرگیر ڕێگەمان لێدەگرێت بۆ ئەوەی ئایین وەک دیاردەیەکی کولتووری و مێژوویی گەورە، لە خوێندنگەکاندا بخوێنین؟ لێرەدا (ڕێجی دۆبرێ) ڕای خۆی باس دەکات و دەڵێت: (من لە دژی عەلمانییەتی کراوەو میانڕەو نیم و ئەوەی من

# مرۆڤ بوونەوەرێکە پێویستی بە هەست و سۆزو ویژدان و نائەقڵانییەتیش هەیە، چونکە مرۆڤ تەنها هەر بە ئەقڵ ناژی

دژایەتیی دەکەم ئەو عەلمانییەتە داخراوەیە کە لە ناوەندی رۆشنبیریی فەڕەنسی و لای بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی فەڕەنسا ئامادەگیی هەیە).

کەواتە ئەوەی (دوبرێ) لێی جارِسەو پێی هەزم ناکرێت ئەوەیە کە جۆرێک لە عەلمانییەت و ڕۆشنگەری هەیە، ناهێڵن قەرەی ئەفسانەو سیمبول و فانتازیای کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو شتانە بکەوین، کە نائەقڵانین لە ژیانماندا.. مرۆڤ بوونەوەرێکە پێویستی بە هەست و سۆزو ویژدان و نائەقڵانییەتیش هەیە، چونکە مرۆڤ تەنها هەر بە ئەقڵ ناژی!

بەم پێیە دەبینین کە (دۆبرێ) داوا دەکات گرنگی بە ئایین بدرێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و سەرلەنوێ لە خوێندنگەکانی فەڕەنسا دابخرێتەوە بەرنامەی خوێندن، چونکە لەدوای دروستبوونی سستمی عەلمانی کە زیاتر لە سەدەیەک دەکات (مێژووی جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت لە وڵاتێکی وەک فەڕەنسادا بۆ ساڵی (١٩٠٥) دەگەڕێتەوە) خوێندنی ئایین لە سستمی پەروەردەو فێرکردن لابراوە. بەڵام خۆ نابێت ئایین وەک جاران بەشێوە تەقلیدی و دۆگماو سروتئامێزەکانی بخوێنرێت، بەڵکو دەبێت وەک دیاردەیەکی کولتووری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە بە درێژایی چەندین سەدەو بەر لە باڵادەستبوونی مۆدێرنەو رۆشنگەری، کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان هەبووە.

خوێندکارانی فەڕەنسا لە ئێستادا، ناتوانن لە شانۆگەرییەکانی (راسین) یان (کورنێ) یاخود (پاسکال) حاڵی بن، لەبەر ئەوەی بێئاگان لەو مەرجەعییەتە ئاینییە مەسیحییەی لە پشت ئەم کارانەوەیە.

وەکی دەزانرێت رۆشنبیریی سەدەکانی ڕابردوو لە بواری ئەدەبی و فیکرو مێژوودا، سەرلەبەر ڕۆشنبیرییەکی مەسیحییانە بوو. لە بەرامبەر ئەوەدا ئێستا تێگەیشتنێکی عەلمانی بۆ ئایین هەیە، واتە تێگەیشتنێکی مێژوویی و فەلسەفی، ئەمەش ئەو شتەیە کە (رێجی دۆبرێ) بانگەشەی بۆ دەکات، نەک ئەو تێگەیشتنە تەقلیدییەی هەنووکە لە جیهانی ئیسلامیدا باوەو پێشتریش بەر لەوەی مۆدێرنەو فەلسەفەی ڕۆشنگەری بێنەئارا، لە ئەوروپادا باڵادەست بوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە عەلمانییە پەرگیرەکان لەو کارەی خۆش نەبوون (ئەویش ئەوەبوو کە دەوڵەت راسپاردبوو، راپۆرتێکی دەربارەی خوێندنی دیاردەی دینی لە خوێندنگە عەلمانییەکاندا بۆ بەرزبکاتەوە). لەپای ئەم کارەیدا، زۆرێک لە دۆست و هاوڕێ دێرینەکانی پشتیان تێکردو پەیوەندییان لەگەڵدا پچڕان. هەندێکیان ڕووبەڕوو پێیان وت: (بەڕاستی نائومێدت کردین، دەتەوێت بمانگەڕێنیتەوە بۆ دواوە؟ ئەوەی لە رابردوودا بەدەست شەڕی ئایینییەوە چەشتمان بەس نییە؟ بۆ دەتەوێت منداڵەکانمان بگێڕیتەوە لای ئەو هەست و نەستە مەزهەبییانەی وایان لێدەکات لە پۆلەکانی خوێندندا ببنە دوژمنی باوەکوشتەی یەکدی؟ نا، ئێمە چاوەڕێی ئەمەمان لە رۆشنبیرێکی ئەقڵانی و پێشکەوتنخوازی وەک تۆ نەدەکرد!).

ئەوەی ڕاستی بێت هەڵوێستی هەندێ لەوانە لەجێی خۆیدایە، چونکە گەڕاندنەوەی وانەی ئایین و ئایین لە خوێندنگەکانی فەڕەنسادا، ڕەنگە دنەی دەمارگیری بداتەوەو جیاوازیی ئایینی و مەزهەبی بیری خوێندکاران بخاتەوە، کە ئەمەش بوو ئەوا بەگومان و ڕقەوە سەیری یەکتر دەکەن و مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا دەکەن. لێرەوە کێشەی مەزهەبی و ئایینی سەرهەڵدەداتەوە، ئەو کێشەیەی لە رابردوودا فەڕەنسا زۆری چەشت بەدەستییەوەو تەنها ئەوکاتە

وەکی دەزانرێت رۆشنبیریی سەدەکانی رابردوو لە بواری ئەدەبی و فیکرو مێژوودا، سەرلەبەر رۆشنبیرییەکی مەسیحییانە بوو. لە بەرامبەر ئەوەدا ئێستا تێگەیشتێکی عەلمانی بۆ ئایین هەیە، واتە تێگەیشتنێکی مێژوویی و فەلسەفی، ئەمەش ئەو شتەیە کە (رێجی دۆبرێ) بانگەشەی بۆ دەکات

# لێکۆڵینەوە

کۆتایی پێ هێنا، کە دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر سستمی عەلمانییەتی چەسپاند.
کەواتە بۆچی (دۆبرێ) دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ دواوە؟ (دۆبرێ) لە وەڵامی ئەوانەدا دەڵێت: (من نامەوێت وانەی پەروەردەی ئایینی و سروت و رێوڕەسمە ئایینییەکان بە خوێندکاران بوترێتەوە، ئەوەی مەبەستی منە خوێندنی دیاردەی ئایینە وەک یەکێک لەو دیاردانەی کاریگەریی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە.. خوێندنی دیاردەی ئایینی، مانای ئەوە نیینە کە بووین بە ئیمانداری فێندەمێنتالیست؟!).
پاشان (دوبرێ) لە کتێبەکەیدا بە دوورو درێژی دێتەسەر باسی ڕۆشنگەری و دەڵێت: (بە هیچ جۆرێک ئێمە لەگەڵ دوژمنانی رۆشنگەریدا نین، بەڵام هاوکات لەگەڵ رۆشنگەیشدا نین بێ هیچ قەید و مەرجێک، بەتایبەت رۆشنگەرییەک کە رووکەش بێت). بەڵگەش بۆ ئەم قسانەی ئەوەیە کە (دۆبرێ) دژی هەڵوێستی هەندێ لە رۆشنبیرانی جولەکەیە کە دوای رووداونی هۆڵۆکۆست لە وەختی دووەم جەنگی جیهانیدا، کەوتنە دژایەتیکردنی رۆشنگەری. ئەوانە دەیانگوت: (دوای هۆڵۆکۆست چۆن بتوانین بیربکەینەوە؟ دوای هۆڵۆکۆست، چۆن بتوانین باوەڕ بە رۆشنگەری بێنین؟ دەسا نەفرەت لە رۆشنگەری و رۆشنگەران! ئەوە رۆشنگەری نەبوو تووشی هەموو ئەوانەی کردین؟ ئەوە شارستانییەتی عەلمانیەتی بێباوەڕو ناسیۆنالیزمی پەرە نەبوو، بووە مایەی هێنانە ئارای دژەسامی بە فۆرمە نوێیەکەی؟).
ئەم قسەو باسە بەشێوەیەکی بەرفراوان بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی وروژاندیان، بەتایبەتی (ماکس هۆرکهایمەر) و (ئەدۆرنۆ) کاتێک کە فەلسەفەی رۆشنگەرییان تاوانبارکرد بەوەی لە جەوهەردا هەڵگری تۆوی ستەمکاری و تۆتالیتاریزمە. ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێین: ( کانت یان هیگڵ بەربرسیارن لە دروستبوونی هیتلەر).
(دۆبرێ) وەڵامی ئەوانە دەداتەوەو دەڵێ: (ئەم قسانە زۆر بێمانەو سەرپێین و تەنها لە خوێندکارانی سەرەتایی دەوەشێتەوە).
ئەوە رەخنەیەکی توندە لە (هۆرکهایمەر)و (ئەدۆرنۆ). ئەو بۆچوونەی پێی وایە رۆشنگەری واتە پێشکەوتنی زانستی تەکنۆلۆژی و بەرەنجامی پێشکەوتنی زانستی تەکنۆلۆژیش ژوورەکانی گازە کە هیتلەر دروستی کردن، بۆچوونێکی پوچ و کاڵفامانەیەو ئەوەی تۆزی ئەقڵی لەسەردا بێت باوەڕ بە شتی وا ناکات.. دەکرێت هەمان شتیش دەرهەق بەو بۆچوونە بڵێین کە پێی وایە رۆشنگەری واتە جیهان بەبێ یەزدان، جیهانیش بەبێ یەزدان، واتە هۆڵۆکۆست و فاشیزم. ئەمانە هەمووی قسەی نابەجێ و حوکمی بێ بناغەن.
(دۆبرێ) لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (ئایا باوەڕبوون بە خواو ئەو ئیمانداریە زۆرەی میللەتی فەڕەنسا لە سەردەکانی ناوەڕاست و تەنانەت تا سەدەی شازدەهەمیش، توانییان رێگربن لەوەی نەهێڵن قەسابخانەکەی سانت بارتیلمی روونەدات! توانیی ڕێ بەو جەنگە خوێناوییە ناوخۆییە بگرێت کە تا ساڵانێکی زۆر فەڕەنسای گیرۆدەکرد؟ کەواتە جۆرێک لە ئیمانداری هەیە کە زۆر لە بێئیمانی مەترسیدار ترە. ئیمانداریەک هەیە مەرگ و کوشتن دێنێ و ئیماندارییەکیش هەیە ژیان و ئاسودەیی پێیە. خۆشبەختانە فەڕەنساو ئەوروپا دوای رۆشنگەری، لە ئیمانداریی یەکەمیان قوتاریان بوو. ئیمانداریەکی دۆگماو دەمارگیرو مەزهەبی).
مۆدێرنەو رۆشنگەری بوونە مایەی یەکخستنی گەلی فەرەنساو پایەماڵکردنی دەمارگیریی ئایینی و

مەزهەبی کە بەدرێژایی چەندین سەدە، ئەو وڵاتەیان پارچە پارچە کردبوو. ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە دەسکەوتە گەورەو گرنگەکانی مۆدێرنەو رۆشنگەری. سەرباری ئەوە مۆدێرنە توانیی لە رێی پێشکەوتنی بواری پزیشکییەوە، مەلاریاو تاعون و پەتا کوشندەکانی تر بنەبڕ بکات. وەکی ئاشکراشە لای هەموومان ئەم پەتاو نەخۆشییانە، بە ملیۆنەها خەڵک و خوایان دەکوشت و ئێستاش لە چەندین وڵاتی دواکەوتوودا ئەو تراژیدیایە بەردەوامە، هەروەها پێشکەوتنی زانست و بواری پزیشکی، بووە مایەی ئەوەی مرۆڤ تەمەنێکی زیاتر بژی.

ئایا دەکرێت لە پای هەموو ئەمانە لە ڕۆشنگەری نیگەران بین و پەشیمان بین لەو هەموو پێشکەوتنەی، بەهۆی شارستانییەتی ڕۆشنگەری و زانستەوە ڕوویان دا؟ نەخێر، هەرگیز.. بەمجۆرە دەبینین (ڕێی دۆبرێ) ناداتە پاڵ نەیارانی ڕۆشنگەری، ئەگەرچی هەندێ جار گورزی توند ئاراستەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری دەکات، بەتایبەتیش (ڤۆلتێر). لەلایەکی دیکەشەوە هێرش و پەلاماری بۆ سەر بیریارێکی هیومانستی قوڵی وەک (تزڤیتان تۆدۆرۆف) زۆر ناچێزەو لەجێی خۆیدا نییە. بەڵام با لەسەر خستنەڕووی بۆچوون و ئەرگیۆمینتەکانی بەردەوام بین، بۆ ئەوەی وێنەکەمان بە چاکی بۆ ڕوون بێتەوە، چونکە ئایدیاکانی (دۆبرێ) زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کە ئێمە تێیان دەگەین..

ئەوەتا لە دووتوێی ئەو کتێبەیدا دەنووسێت و دەڵێت: (گرنگیی سەدەی هەژدە واتە سەردەمی ڕۆشنگەری لەوەدایە کە توانیی لە کۆت و بەندێکی زۆر ڕزگارمان بکات: کۆت و بەندی فێندەمێنتالیزمی ئایینی و فیودالیزمی ئۆرستۆکراتی و ستەمکاریی سیاسی، بەڵام ناتوانین نکوڵی لەوەش بکەین لە نێوان ئێمەو ئەو سەدەیەدا ماڵوێرانیی گەورەو گران هەیە، کە ڕەنگە دیارترینیان: هۆڵۆکۆست و هێرۆشیماو ناکازاکی و جەنگە جیهانییەکان و شەڕەکانی کۆلۆنیالیزم و قەتڵوعامەکانی کۆمۆنیست و ستالینییەت و... هتد). واتە سەرەڕای ئەوەی ئەوروپا ڕۆشنگەریی بەخۆیەوە بینی و بوو بە ژینگەیەکی شارستانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکرای ئەم شتانە ڕوویان دا.

ئەی بۆچی ڕۆشنگەری نەیتوانی ریگری بکات لەوەی جارێکی دی ئەوروپا هەڵخلیسکێتەوە ناو ئەو دڕندایەتی و بەربەریەتە نامرۆڤانەیەوە؟ ئەمە جێگەی پرسیارو مایەی سەرسورمانە بۆ هەموو لایەک. بەڵام ئاخۆ ناکرێت وەڵامی ئەوانە بەوە بدەینەوە کە بڵێین: (ڕۆشنگەری وەکی خۆی لەو کارانە بەرپرسیار نییە، بەڵکو لادان لە پرانسیپ و بەها باڵاکانی ڕۆشنگەری ئەوەیان خوڵقاند؟).

(دۆبرێ) دەڵێت: (ئەوەندەی من بزانم فاشیزم و نازیزم لایەنگری فەلسەفەی ڕۆشنگەری و هیومانیزم نەبوون، کە گەورە فەیلەسوفانی وەک دیکارت و هیگڵ و جان جاک ڕۆسۆو فیختەو شیلینگ و کانت فۆرمەلایان کرد، کەوابێ بۆچی دەبێت تاوانەکە بکەینە ملی ڕۆشنگەری؟ ئەمە لەبەرژەوەندیی کێیە؟).

لێرەوە پێم وایە ئەرگیومێنتەکانی (دۆبرێ) زۆر لاوازن و قەناعەت پێهێنەر نین، تەنانەت وا دێنە پێش چاو وەکی ئەوەی لە بۆچوونەکانی پێشووتری پەشیمان بووبێتەوە.

(دۆبرێ) دوای ماوەیەکی زۆر سەردانی میسر دەکاتەوە:

پاشان (دۆبرێ) دێتە سەرباسی سەردانەکەی بۆ قاهیرە، دوای دابرانێکی زۆرو لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئالان مەناری سەرۆکی فیدراسیۆنی پەیامنێرانی بێسنور لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ میسر، تا لەوێ و دوای قەیرانی وێنە کاریکاتیۆرییەکانی محەمەد پێغەمبەرو خۆپیشاندانە توندوتیژەکانی کاراچی

(دۆبرێ) دەڵێت: (ئەوەندەی من بزانم فاشیزم و نازیزم لایەنگری فەلسەفەی ڕۆشنگەری و هیومانیزم نەبوون، کە گەورە فەیلەسوفانی وەک دیکارت و هیگڵ و جان جاک ڕۆسۆو فیختەو شیلینگ و کانت فۆرمەلایان کرد، کەوابێ بۆچی دەبێت تاوانەکە بکەینە ملی ڕۆشنگەری؟ ئەمە لە بەرژەوەندیی کێیە؟).

# لێکۆڵینەوە

و دیمەشق، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی میسردا کۆببنەوەو بیروڕا ئاڵوگۆڕکەین.. سەیرم لێ هات کە ئەو وڵاتە چەند گۆڕاوە. لە دواین سەردانمدا کە پێش بیست ساڵ بوو، باڵاپۆش و لەچک بەسەری زۆرت لە شەقامەکاندا نەدەبینی، بەڵام ئێستا هەموو جێگەیەک پڕ بووە لە ئافرەتی باڵاپۆش.. تۆ بڵێی سەردەمی هودا شەعراوی بەسەرچووبێت؟ جاران ڕۆشنبیرانی میسر سەرەتای قسەکانیان بەئایەتی قورئان و بیسمیلا دەست پێنەدەکرد، بەڵکو بە وتەو دەستەواژەیەکی مارکس یان ڕۆجێ گارودی یاخود سارتەرو عەبدولناسر بوو. ئەی ئەبێت چی ڕووی دابێت؟ تۆ بڵێی سەردەمی لوتفی خولی و محەمەد سەید ئەحمەدو عەلمانییەکانی دی کۆتایی هاتبێ؟ ئەوانە چوونە کوێ و چییان بەسەر هات؟).

(دۆبرێ) ددان بەوەدا دەنێت کە دواین سەردانی بۆ میسر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٦) (واتە سی ساڵی تەواو بەر لە ئێستا). لە ماوەی ئەو سی ساڵەشدا باهۆزی ئسولییەت هەڵیکردو میسرو زۆربەی زۆری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی گرتەوە. (دۆبرێ) دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی مسیر، کەوتە گەڕان بە شەقامەکانی قاهیرەدا. لەو گەڕانەیدا چاوی بە هەندێ کتێب دەکەوێت کە ڕۆشنبیری خۆرئاوایی پێیان بێتاقەت دەبێت، تەنانەت ئەگەر مارکسیستێکی ڕادیکالی لایەنگری عەرەبی وەک ئەویش بێت، لە جامخانەی کتێبخانەکاندا کتێبی وەک -کفاحی- (هێتلەر) و — بروتوکولات حکماو صهیون- دەبینێت! لێرەدا ڕوو دەکاتە وەرگێڕە میسرییەکەی و لێی دەپرسێت: (ئەمە چییە؟ بە ڕاست چۆن خۆتان بەم نووسینە ئاست نزمانەوە خەریک دەکەن؟) کابرای میسری زمانی تەتەڵە دەکات و دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بووە پینەی بکات، بەڵام کەڵکی نابێت.

جیاوازیی گەورەی نێوان ڕۆشنبیرانی خۆرئاواو ڕۆشنبیرانی میسرو عەرەب بەگشتی لێرەدایە.. لەلایەکی ترەوە لەو دانیشتنەی نێوان (مەنار)و (دۆبرێ) لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانی میسردا، کیشەو ناکۆکییەکی دیکەش ڕووی دا.. ڕۆشنبیرانی میسر داوایان لە (ئالان مەنار) کرد واژۆێ ئەو بەڵێننامە نێودەوڵەتییە بکات بۆ ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئایینییەکان لە چوارچێوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، بۆ ئەوەی حاڵەتی وێنە کاریکاتێرییەکان دووبارە نەبێتەوە، وەڵامی ئەو ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییە ئەوەبوو کە: (هەر بەڵێنامەیەکی نێودەوڵەتی، ڕێز لە ئازادیی بیرکردنەوەو بیروڕادەربڕین نەگرێت بە ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕی ئاینیشەوە بەشێوەیەکی ڕادیکالی، نرخێکی ئەوتۆی نییەو زیاتر بە دیالۆگی نێوان کەڕولاڵان دەچێت..).

دواجار دەتوانین چی دەربارەی ئەم کتێبەی (ڕێجی دۆبرێ) بڵێین؟ ئایا هەڵویستەکانی ناکۆک و دژ بەیەک نین؟ ئەو کاتێک دەچێت بۆ قاهیرە دەبێتە داکۆکیکاری سەرسەخت لە ڕۆشنگەری، بەڵام کە دەگەڕێتەوە پاریس پەلاماری دەدات؟

لە ڕاستیدا وەک لە پێشتریشدا باسم کرد، هیچ ناکۆکی و دژ بەکییەک لە گۆڕیدا نییە. چونکە ئەوەی لە میسر دەگوزەرێت تەواو جیاوازە لەوەی لە فەڕەنسادا هەیە.. میسر پێویستی بە ڕۆشنگەریی زیاترو زۆرتر هەیە، بەڵام فەڕەنسا پێویستی بەوەیە هەژموونی ڕۆشنگەریی لەسەر کەم بکرێتەوە، ئەو ڕۆشنگەرییەی هەموو شتێکی ڕامالێ و چەمکی ئایینی لە بنجوبناوانەوە دەرهێنا!..

کەواتە پێویستە شتەکان بخەینە سیاقی خۆیانەوە، تا بەچاکی تێیان بگەین.

## لە خۆرئاوا لانی کەم کەس ڕێی ئیمانداریت لێ ناگرێت، بەڵام کەسیش ناچارت ناکات پێی

ئێمە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی خۆرئاوا لە ڕووی زەمەنییەوە هاوسەردەمین، بەڵام لە ڕووی مەعریفی و ئەپستمۆلۆژییەوە وانین. هەر بۆیە خەم و خولیای کولتووریمان جیاوازەو بگرە لەسەر پرسی ئایینی تەواو دژ بە یەکن. ئەوان بە ئەندازەیەک لە بێباوەڕی مادیدا ڕۆچوون، بیرۆکەی ترنسندنتالی ڕۆحی و میتافیزیکییان پایەحاڵکردووە و مرۆڤیان کردووە بە بوونەوەرێکی بەرخۆری فسیۆلۆژیی پەتی، ئێمەش بە ڕادەیەک لە فێندەمێنتالیزمی ئایینیدا نغرۆ بووین، خەریکە دیدگای فەلسەفی و زانستیمان بۆ گەردوون بیردەچێتەوەو تەواو فەرامۆشمانکردووە. هەروەها ئەو ئازادییە فیکرییەشمان تیرۆر کردووە کە قورئان باسی دەکات و دەڵێت: (لا اکراه فی الدین)، ئەمەش وایکردووە ئایین هەمووی ببێتە سەرکوت و کاری ناچاری.. لە خۆرئاوا لانی کەم کەس ڕێی ئیمانداریت لێ ناگرێت، بەڵام کەسیش ناچارت ناکات پێی.. ئەمەش بۆخۆی بریتییە لە ئازادیی فیکری و ئیمانداریی قوڵ و ئازادانە.

**ئایا (ڕێجی دۆبرێ) لە ڕۆشنگەری هەڵگەڕاوەتەوە؟:**

نکوڵی لەوە ناکەم کە (دوبرێ) بەم کتێبە پڕ توانج و ڕەخنەیەی لە ڕۆشنگەری، تووشی شۆکی کردین، بەڵام لە رووکەشدا وا دیارە دژی ڕۆشنگەری بێت، ئەگەر بە وردی سەرنجی بدەین دەبینین دژی ئەو وێنە کاریکاتۆرییەیە، کە ماوەیەکی زۆرە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی فەڕەنسیدا، لەسەر ڕۆشنگەری دروست کراوە. کتێبەکە بە پلەی یەکەم بەو مەبەستە نووسراوە تا کێشەکانی خۆی لەگەڵ نەیارەکانیدا لە کایەی ڕۆشنبیریی فەڕەنسیدا، پێ یەکلایی بکاتەوە، بەتایبەت کەسانی وەک (تزڤیتان تۆدۆرۆف)ی فەیلەسوف و نووسەری بەناوبانگ (فیلیپ سولیدز) و هەندێکی دی.. سەرەڕای ئەوە کتێبەکە ئامانجی پەلاماردانی نوێنەری گەورەی ڕۆشنگەرییە لە ئەڵەمانیاو تێکڕای ئەورووپادا، کە (یۆرگن هابرماس)ە، هەروەها (فۆکۆیاما)یە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (دوبرێ) بەخۆی دەڵێت کوڕی ڕۆشنگەریم! ڕاستە کوڕێکی یاخییە، بەڵام کوڕێکی ڕەسەنی ئەو کەلەپورەیەو تەنها ئەو کەلەپوورەش بە میراتی خۆی دەزانێت، کە بەر لە دوو سەدە شارستانییەتی نوێی ئەورووپیی دروستکرد! ئەم لێدوانانەی بۆ گۆڤاری (نوڤێل ئۆبسرفاتور)دا، دەستبەجێ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، تا پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوەو داوای لێبووردن لەوە بکات، کە کردوویەتی و دەزانێت سنوری بەزاندووە.. بەڵام داخۆ هەقیقەتی مەسەلەکە لە کوێدایە؟ ئایا (دۆبرێ) لەگەڵ ڕۆشنگەریدایە یان لە دژیەتی؟

سەرەتاو بەر لە هەرشتێ پێویستە بزانین کە یەکلایکردنەوەی ئەم کێشانە، بەهۆی ئێمەوەیە وەک عەرەب و موسڵمانان. کێشەی ئێمە بووەتە کێشەی تەواوی دنیاو لە دوای یانزەی سێبتەمبەرو تەقینەوەکانی مەدریدو لەندەن، شتێک نییە تایبەت بێت بە خۆمان. هەر بۆیە دەبینین ڕۆشنبیرانی فەڕەنسی لە ململانێدان لەسەر ئێمە.

سەرچاوەی نووسینی ئەم کتێبەی (دۆبرێ) وەکی باسمانکرد، کێشانی ئەو وێنە کاریکاتۆرییە ئاست نزمانەیە لە دانیمارک.. واتە ئەو وێنانە هانی نووسینی ئەم کتێبەیان داوە. (دۆبرێ) لەسەر ئەم بابەتە، هەڵوێستی لە هەڵوێستی زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی فەڕەنسا جیاوازترە.

ڕاستە ئەو دژی دەمارگیریی ئایینییە بە هەموو شێوەیەک، وەکی تەواوی ڕۆشنبیرانی فەڕەنساو

کێشەی ئێمە بووەتە کێشەی تەواوی دنیاو لە دوای یانزەی سێبتەمبەرو تەقینەوەکانی مەدریدو لەندەن، شتێک نییە تایبەت بێت بە خۆمان. هەر بۆیە دەبینین ڕۆشنبیرانی فەڕەنسی لە ململانێدان لەسەر ئێمە

# لێکۆڵینەوە

خۆرئاوا، بەڵام دژی ئەوەیە کە رۆشنبیرانی فەرەنسا بەو سادەو ساکارییە سەرکۆندی دیاردەی دەمارگیریی لە جیهانی ئیسلامیدا پێدەکەن، چونکە ئەو پێی وایە ئەو دیاردەیەی بەو دوایانە تاوی سەندووە، رەگوڕیشەی قوڵترو هۆکاری جیاجیای لە پشتە. بۆیە دەبێت بەر لەوەی سەرکۆنەی بکەین، هۆکارەکانی بزانین و سەرچاوەکانی دەستنیشان بکەین. سەرەڕای ئەوە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی داماون و هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار دەگوزەرێنن لە رووی ئابووری و بژێوی و دانیشتوانەوە. هەروەها لە بەردەم گۆڕانکاریی گەورەو گراندایە. کەواتە ئاساییەو بە ئاسانی دەتوانین گاڵتەی پێ بکەین و توانج لە دەمارگیری و تاریکخوازییەکەی بگرین، بەڵام ئەمە رێگەچارەیەک نییە بۆ دەربازکردنی لەو قەیرانە کوشندەیە تێیی کەوتووە.

(رێجی دۆبرێ) لەکاتێکدا کە ئەم شرۆڤەکارییە گونجاوەمان بەردەست دەخات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەئەمەکە بۆ مارکسیزم و جیهانی سێیەمی کۆن کە نێوبانگی پێ پەیدا کرد، ئەوکاتەی لە شەستەکاندا پەیوەندیی بە (چێ جیڤارا)وە کردو دەسەڵاتدارانی کۆلۆمبیا زینداناییانکرد، تەنانەت خەریک بوو گیانی لە دەست بدات و ژیانی کۆتایی پێ بێت، ئەگەر ژەنەراڵ (دیگۆل) بە شەخسی نەهاتایەتە ناو مەسەلەکەو تکای بۆ نەکردایە.

بەرهەحاڵ (رێجی دۆبرێ) بە رۆشنبیرە فەرەنسییە لوتبەرزەکان (ئەو رۆشنبیرانەی لە ژیانێکی بەرخۆری پڕنازو نیعمەتدا دەژین) بڵێت: (لەوە ئاسانتر نییە ئێمە لێرە لەناو باڵەخانە قەشەنگەکانمانەوە لە پاریس بێت یان لەندەن یاخود لە برۆکسل و بەرلین، سەرکۆنەی دەمارگیریی موسڵمانان و تەشەسەندنی بزاوتە توندڕەوەکانی ئەو وڵاتانە بکەین، بەڵام با بڕۆین بۆ ئەوێ و ئەو ژیانی دۆزەخئاسایە بژین، کە ئەوان لە قاهیرەو دیمەش و عەممان و غەزەدا دەیگوزەرێنن.. با بەو ئاگری نەهامەتی و چەرمەسەرییە دەستمان داخ ببێ، کە ئەوان پێی دەسوتێن، دوای ئەوە باسی ڤۆلتێرو رۆشنگەری بکەین! ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کەس کەسی تر نابینێت. کەواتە بەڕێزینە کێشەکە زۆر لەوە قوڵترە کە ئێمە مەزەندەی دەکەین، تەنها ئەوە بەس نییە دەمارگیریی ئەوانی دی سەرکۆنە بکەین و شانازی بە رۆشنگەری و باڵادەستیی خۆمانەوە بکەین، بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بن و ململانێی شارستانییەتەکان لە چاوتروکانێکدا نەمێنێ. ئەمە چارەسەری کێشەکە ناکات و زیاتر ئاڵۆزتری دەکات.. کەواتە پێویستە لە ناوەوە لە کێشەو گرفتی ئەو خەڵکانە ئاگاداربین، بەر لەوەی حوکمیان بەسەردا بدەین یان سەرکۆنەیان بکەین.. با گەر بۆ یەکجاریش بووە خۆمان لە شوێنی ئەوان دابنێین ئەوکات دەتوانین لە هۆکاری تەشەنەسەندنی دیاردەی توندڕەوی لەناویاندا حاڵی ببین.. چونکە ئەم دیاردەیە بە رێکەوت دروست نەبووەو هۆکاری راستەقینەی خۆی هەیە.

وەک دەبینین (ریجی دۆبرێ) بەراوردێک لەنێوان هەلومەرجی زەوییە داگیرکراوەکانی فەلەستین و بارودۆخی گەڕەکە ئیسلامییە هەژارنشینەکانی چواردەوری پاریسدا دەکات، ئەمەش بەراوردکردنێکی ژیرانەیە، هەرچەندە جیاوازیشن، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوانیان، سەرکوت و چەوساندنەوەو بەکەم سەیرکردنیانە. بەر لە سەرهەڵدانی راپەرینی دووەم کاتێک لە قودس سەرقاڵی هەندێ توێژینەوە بوو، ئەو حاڵەتی چەوساندنەوەو سوکاتیپێکردنەی بینیوە. واتە بەچاوی خۆی جیاوازیی زەقی نێوان ژیانی پڕ خۆشگوزەرانی ئیسرائیلییەکان و ژیانی پڕ نەهامەتیی

# ئێمە جاڕس بووین لەوانەی سەرکۆنەی توندڕەوی و دەمارگیریی ئەوانی دی دەکەن و لە دەمارگیری و توندڕەویی خۆشمان بێدەنگن

فەلەستینییەکانی بینیووە.. هەر بۆیە کتێبەکەی بریتییە لە نەعرەتەی توڕەیی و پڕۆتستۆی ئەو هەلومەرجە پڕ زوڵم و ستەمەی، خۆرئاواو دەوڵەتی ئیسرائیل لە بەرامبەر ئەوانی دیدا پەیڕەوی دەکەن.
لە بەشێکی کتێبەکەیدا (دۆبرێ) باس لە سەردانەکانی دەکات بۆ لای بیریاری گەورە (ئیدگار مۆران).. (مۆران) لە پاریس ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری جولەکە توندڕەوەکان بوو بە ئەنتی سامی تاوانباریان کرد، ئەگەرچی بۆخۆی بە ڕەچەڵەک جولەکەیەو چەند کەسێکی بنەماڵەکەی لە هۆڵۆکۆستدا تیاچوون!!
(ئێدگارمۆران) لەو دانیشتنانەدا باسی ئەوەی بۆ (دۆبرێ) کردووە، کە بەهۆی ئەو هەڕەشەو فشارە زۆرانەوە تووشی چ ئازارو بێتاقەتییەک بووە. لەمەوە (دۆبرێ) دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ڕۆشنگەری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە لە گروپەکەی خۆی یاخی دەبێت و بەگژیاندا دەچێتەوە.
پێم وایە ئەمە جوانترین ناساندنێکی ڕۆشنگەری بێت. ئاخر دەبێت چی لەوە ئاسانتر بێت کە من بێم و سەرکۆنەی دەمارگیری بکەم بەلای گروپەکانی دی، چونکە ئەوە هیچی تێناچێت و باجی نییە، بەڵام کاتێک مەسەلەکە دێتە سەر ئەو دەسەڵاتەو تاقمەی تایبەتن بە خۆم و لەناویدا گەورەبووم، ئەوا دەبێتە مەحاڵ و کاری نەکردە دەبێت! ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرەو هەموو کەس دەیزانێت.
ئێمە جاڕس بووین لەوانەی سەرکۆنەی توندڕەوی و دەمارگیریی ئەوانی دی دەکەن و لە دەمارگیری و توندڕەویی خۆشمان بێدەنگن.
(ڕێجی ڕۆبرێ) باس لەوە دەکات و دەڵێت: (لەم ڕووەوە گەورە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری نموونە بوون، چونکە زۆربەی زۆریان لەوانەبوون کە لە ئاینزاو گروپە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان یاخی بوون و سەرکۆنەی توندڕەوی و دەمارگیریی لایەنگرانی خۆیانیان کردو لەو پێناوەشدا باجی گەورەو گرانیان دا). لە ڕاستیشدا ڕۆشنگەری ئەوەیە، واتە دەبێت سەرەتاو بەر لە هەرشتێ یەخەی خۆت بگریت و دژی خۆت بیت نەک ئەوانی دی، درزێویەکانی خۆت ببینی، بەر لە درزێوی کەسانی تر. بۆ نموونە (ڤۆڵتێر) یەکێک بوو لەوانەی زۆری چەشت بە دەست زۆرنەی کاتۆلیکییەوەو خۆشی کاتۆلیک مەزهەب بوو. وەک ڕۆشنگەرێکی مەزن بە هەموو توانای خۆیەوە کەوتە بەرگریکردن لە کەمینەی پرۆتستانتی، کە لەلایەن هاوئاینزاکانییەوە دەچەوسێنرانەوە. بەهۆی ئەم هەڵوێستەشییەوە زیاد لە جارێک ڕووبەڕووی هەڕەشەی کاتۆلیلکەکان بووەوە، بەڵام کۆڵێ نەداو سووربوو لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی، لەبەر ئەوەی داکۆکیی لە هەق و دادپەروەری دەکرد. بەم کارەی (ڤۆڵتێر) بووە نموونەی ئەو کەسە خۆنەویستانەی دەتوانن لەپێناو هەق و دادپەروەریدا، جوغزی بەرتەسکی گروپ و ئاینزاکانی خۆیان جێ بێڵن و بەسەر ئەوانی دیدا بکرێنەوە.
گەورەیی و مەزنیی (ڤۆلتێر)یش لێرەدایە. دواتریش گەورە ڕۆشنبیرانی دیکە شوێنپێیان هەڵگرت و بە ڕێگەی ئەودا ڕۆیشتن، نموونەکانیان وەک: (ئەمیل زۆلا، فیکتۆر هۆگۆ، جان پۆل سارتەر).
(سارتەر) لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ خاتری خەڵکی ستەمدیدەی جەزائیر هەڵوێستی دژی لە فەڕەنسای زێدی خۆی وەرگرت. هەروەها (دیدرۆ)ی فەیلەسوفیش کە سەر بە زۆینەی کاتۆلیک مەزهەب بوو، گەورەترین دوژمنی توندڕەوی و دەمارگیریی ئایینی بوو، کە کاتۆلیکییەکان پەیڕەویان دەکرد.
هەرچی (جان جاک ڕۆسۆ)شە، کە سەر بە کەمینەی پرۆتستانت مەزهەبەکان بوو، شوێن نەفرەتی هەموو

دەبێت چی لەوە ئاسانتر بێت کە من بێم و سەرکۆنەی دەمارگیری بکەم بەلای گروپەکانی دی، چونکە ئەوە هیچی تێناچێت و باجی نییە، بەڵام کاتێک مەسەلەکە دێتە سەر ئەو دەسەڵاتەو تاقمەی تایبەتن بە خۆم و لەناویدا گەورەبووم، ئەوا دەبێتە مەحاڵ و کاری نەکردە دەبێت! ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرەو هەموو کەس دەیزانێت

# لێکۆڵینەوە

دەستەو گروپە جیاجیاکان بوو. یەکێک بوو لەوانەی لەیەک کاتدا لە جنێف و پاریسدا کتێبەکانیان دەسوتاند، واتە کتێبەکانی ئەو لە پایتەختی کاتۆلیکییەت و پایتەختی پرۆتستانتیشدا یاساغ بوون. هەر بۆیە تا مردنیش هەر وێڵگەردو تەنهاو بێ داڵدەبوو. بگرە دەکرێت بڵێین ژیانی راستەقینەی تەنها لە دوای مردنییەوە دەستی پێکرد. لەدوای مردنی بیروبۆچوونەکانی بە ئەوروپادا بڵاوبووەو زەمینەی بۆ هاتنە ئارای سەردەمی مۆدێرنە خۆشکرد. ئەمەش دوای ئەوە هات کە تێکستە بەناوبانگەکانی لەسەر ئایینی مەسیحی بڵاوکردەوە، تێکستگەلێک کە نێو لێکدانەوەی عەقڵانی و رۆشنگەرانە دەربارەی پەیامەکەی حەزرەتی (مەسیح) دەخاتە ڕوو. بەو پێیەشی شرۆڤەکردنەکانی پێچەوانەی شرۆڤە کۆن و تەقلیدییەکان بوو، ئەوا ڕووبەڕووی تۆمەتی تەکفیر بووەوەو کەوتنە ڕاوەدوونانی و خەریک بوو بیکوژن. بەڵام زۆری نەبرد لەگەڵ سەرکەوتنی رۆشنگەریدا لێکدانەوەکانی ئەو سەرکەوتن و جێگەیان بە لێکدانەوە تەقلیدی و خورافییەکان چۆڵکرد.
لەسەروەختی شۆڕشی فەڕەنسیدا وێنەکانی (رۆسۆ) لە شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکاندا بەرزکرایەوەو بیروبۆچوونەکانیشی بوونە سەرچاوەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون.
ئەمە ماجەرای ڕۆشنگەرییە زۆر بە کورتی و بە پوختی و (ڕێجی دۆبرێ)ش لە دژی نییە ئەگەر لە چوارچێوەی مانا راست و دروستکەیدا تێی بگەین، چونکە ئەو نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆ لای فێندەمێنتالیزمی مەسیحییەت بێت، یان لە دەرەوەی مەسیحییەت بێت. ئەمە شتێکە کە ئەو بە هیچ جۆرێک بیری لێ ناکاتەوە، بەڵام دەیەوێت بڵێت پرسی ئایین زۆر لەوە سەخت و ئاڵۆزترە، وەکی ئەوەی هەندێ لە لایەنگرانی رۆشنگەریی رووکەش پێیان وایە.
ئەگەرچی تایتڵی کتێبەکە زیاد لە پێویست و وروژاندنی پێوە دیارە، بەڵام پێدەچێت ئەوەی بەمەبەست کردبێت، بۆ ئەوەی سەرنجی هەموو لایەک ڕابکێشێت. من بۆ خۆم هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (ئەنتوان کۆمبانیۆن دام) کە دەڵێت: (پەلاماردانی رۆشنگەری لە فەڕەنسادا بووەتە باو، بۆیە هیچ کاتێک وەک ئێستا بەرگریکردن لێی ئەرکێکی گرنگ نەبووە).
شایەنی باسە (ئەنتوان کۆمبانیۆن) لە کۆلیژی فرانس بوو بە جێگرەوەی (رۆلان بارت)و کورسییەکەی ئەوی وەرگرت.
دواجار دەبێت بڵێین: (رۆشنگەری ئەو سەرمایە بەنرخەیە، کە نابێت بە هیچ کلۆجێک دەستبەرداری بین و پەلاماری بدەین، بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە بزاوتە ئسوڵییەکان لە هەموو لایەکەوە سەردەردێنن و لە هەڵکشاندان).

**سەرچاوە:**

ناونیشانی کتێبەکە: رۆحی رۆشنگەری، نووسەر/ تزڤینات تۆدۆرف- خانەی وەشاندنی: رۆبێرلافۆن، پاریس لا ١٣٣.
Lesprit des lumieres, tzvetan todorov, Robert laffont, paris
هاشم صالح: معارک التنویریین و الاصولیین فی اوروبا- دارالساقی، بیروت- الطبقه الاولی، ٢٠١٠.

Shwanahmad٢٠٠١@yahoo.com